

# ئەفسانە

ك.د.ئازاد-بانە

باش دەزانێ خۆشم دەوێ
باش دەزانم خۆشی  دەوێم !
**
کەدەست دەخاتە ناو دەستم
دادەگیرسێ وەکوو سۆبە
گەرم گەرم!
ماچی دەکەم،
دەتوێتەوە
دەبێتە شەونم و شەرم !
**
لێم نزیکە، وەکو و نیاز
وەکوو رەنگی گەردن و خوێن!
چاوەکانی ،
جووتێ مەلی بێ ئارامن
بێدەنگ لەگەڵ منا دەدوێن!
کەچاو دەبڕێتە چاوانم
هەست ئەکەم خەم
ئەدا لەشەقەی شاباڵی
پەپوولەی رەنگینی ئەوین
دادەبارن بۆ دیوەکەم !
لێم نزیکە !
هەرچەند جار جار
لەمەڵبەندی نامۆییدا

ستار ئەگری و
رەشماڵی خۆشەویستی خۆی
بەهەر لادا
بەکوێستانی ئاواتم دادەگیڕێت و
تەنیا جارێك هەوڵی نەدا !
**
ئەو حەز ئەکا،
لەمەڵبەندێکی دوورە شار
لەچۆڵێکی بێ رێوار
لەماڵێکی میچ قوڕماوی،
هەر دوو بەدوو
وەك دوو مەلی شەیدای ئەوین
ئازاد بژین !
ئەو ئاوی کانی بێنێت و
سفرەی ماڵمان
بەنان و ماستێکی سادەو وەڕازێنێ !
بەشەربەتی تووترك و
شیلان و شاتوو
هیلاکی من وەحەسێنێ !
منیش وەرزێری عەشقی بم
شەتڵێ بڕوان بگوورێنم
تۆوی ئارەزووو بچێنم
بەدوور لەخەم



مەڵۆ مەڵۆ
گەنمی ئەوین دروێنەکەم !
**
من حەز ئەکەم ،
لەبەردەمی
کاکێشانی چاوی خەڵك
چیمان هەیە بێ نوێنین
چیمان دەوێ بێ ستێنین
ترس وشەرمو بێ بڕوایی
بتارێنین !
**
ئای لەو کاتەی بەیەك دەگەین !
دەستی دەگرم،
گەرمترین بورکانەکان دەتەقنەوە !
پێدەکەنێ ،
رەنگین ترین گڵووکەکان
ئەپشکوێن !
سەر دادەخا،
پۆل پۆل، پۆل پۆل وەنەوشەکان
دێنە سەما !
سەر هەڵدەبڕێ ،
بەرزترین گوندەکانی کوردستانم
ئەشنێنەوە !
سەری ئەخاتە سەر شانم ،
لەعەرشی خوا ئەخولێمەوە !
بێدەنگ دەگرێ،
دەبمە پاشای کیشوەری خەم !
بەجێم دێڵێ !
گرێی دڵم
گەورەو گەورەتر دەبێتو
گەرووم،
دەستێکی پۆلایی دەیگوشێتو
دێمەسەر چۆك



**وەك خاك‌و خۆڵ**

**لەسەر زەوی بڵاو ئەبمەوە**

**دەبمە ناوی بێ ناوەڕۆك !**

**

**کە دائەنیشێ رووبەڕووم**

**نازانم کێم !**

**ئەو کوت‌و مت ئەبێ بەمن**

**من کوت‌و مت ئەبم بە ئەو !**

**کەقسە ئەکا**

**گەشە ئەکەم وەکوو گیا!**

**کە قسە ئەکەم،**

**سەر دائەخا**

**گوێم بۆ دەگرێ ئارام ئارام**

**من دەریایەك لەژێر پێم دا**

**ئەو ،**

**سەنگەرێکی بەردینی دوندی چیا !**

**ژهەموو چاوێك**

**ناتوانێ ئێمە ببینێ**

**هەموو گوێیەك**

**ئاشنا نییە بەقسەی ئێمە !**

**ئێمە خەڵکی**

**وڵاتێکی ئەفسانەیین !**

**بەزمانێکی تر دەدوێین !**

**جۆرێکی تر**

**دەڕوانینە چاوی یەکتر**

**جیاوازترە،**

**لەهەموو کەس**

**خۆشەویستی‌و دڵداریمان !**

**گەورەکانمان**

**لەمەرگ‌و شۆڕش ئەترسن**

**لاوەکانمان**

**لەداهاتووی نادیارو بێ بڕوایی**

**ئێمەش هەردووك لەجودایی !**

**

**حەزئەکەین**

**لەژێر بن میچی ماڵێکا**

**وەك دوو مرۆڤ**

**بژین، بمرین !**

**حەز ئەکەین ، بەیەك بگەین !**

**بەڵام جغار !**

**لەنێوانمان دەریایەکە**

**لیپاولیپی‌بەد گومتنی و،**

**نەریتی کۆن !**

**هەموو قەوانە شڕەکان**

**لەجودایی ئێمە دەدوێن !**

**کاتێ بەرەو لای یەکتریش**

**هەنگاو ئەنێین**

**لەسەر رێمان، لەبۆسەدان**

**هەزارەها**

**خەنجەری رووتی عاشقی خوێن !**